

## " ڕەوشی نەتەوەیی و سیاسی کلدان لە سایەی ئەزموونی ئەمڕۆماندا "

ئێمـەی کلـدان پاشـەڕۆژی خۆمـان لەسـەرکەوتنی ئـەزمونی دیمـوکراتی هـەرێمی کوردسـتاندا دەبینینەوە کوردستان و کۆمەڵگای عێراقی بەگشتی . لە نەتەوەو ئـایینی جیـاواز پێکهـاتووە ، ڕژێمـە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەشێوازی جۆراوجۆ هەوڵیانداوە نەتەوەو کەمینە ئاینیەکانی ئەم وڵاتە سەر کوت بکەن و بەهیچ جۆرێك مـافی کەمایەتییـەکانی عێراقیـان دەسـتەبەر نـەکردووەو هەرچـەند پێیان کرابێت هەموو ناوچەکانی عێراقیان تـەعریب کـردووە ، کاریگـەری ئـەم سـەرکوت کردنـەش لـە ڕادەیەکدا بوو کە هەندێك لەنەتەوەو ئاینیـەکان تایبەتمەنـدیی خۆیـان لێسـەنرایەوەو هەنـدێکیش لـە کەسایەتییەکان ناچار کران وازلە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بێنن ، کلدان یەکێکن لەو نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین و بەشێکی زۆریشیان لە هەرێمی کوردستاندا دەژین ، کلدانـەکان شـان بەشـانی گـەلی کوردو لەگەڵ بزافی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان خەبات و تێکۆشانیان کـردووە بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـە هەمەلایەنەکانیان.

لەسایەی ئازادی 11 ساڵەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کلدان و هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو کوردستان ڕادەیەکی زۆر لە ئازادییە گشتییەکان و مافە ڕەواکانیان دەستەبەر کراوەو بە ئاسوودەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەژین .

بنکەی کاوەی ڕۆشنبیری کۆڕێکی بۆ بەڕێز ( جەمال عوەیید ) ی سکرتێری بنکەی ڕۆشنبیری کلدان لەژێر ناونیشانی ( ڕەوشی نەتەوەییو سیاسی کلدان لە سایەی ئەزموونی ئەمڕۆدا ) ڕێکخست . کە ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەوتی :

**ڕەوشی نەتەوەیی کلدان**

دوای ئەوەی کەش و هەوایەکی دیموکراسی و لەبار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هاتە ئارا ، هۆشیاری نەتەوەیی کلدان بەدیار کەوت کە پێشتر ئەو هەستە نەتەوەییە نەبوو ، ئەوەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە لەو کاتەوەی بووین بە مەسیحی ئیشوکاری نەتەوایەتیمان زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوتووە ، ئەوەش زیاتر بۆ ئەو دیوارە دەگەڕێتەوە کە باوك و باپیرانمان لەنێوان ئێمەو ڕابووردوومان و لەبەردەم ئینتیمای ئێمەیان داناوە .

بەپێی ئەوەی ئایینی مەسیحی ئاینێکی کراوەیەو ئایینی گەلێك نییە بەتەنیاو دوای ئەوەی باپیرانمان تام و چێژی ئەم ئایینە نوێیەیان کرد دەستیان بەسووتان و تێکدانی هەموشتێك کرد کە

پەیوەندیی بەکەلتوورو شارستانیمانەوە هەبووە ، هیچ بایەخێکیان بۆ قسەکردن لەسەر کلدانی و ئاشووری نەهێشتەوە تەنانەت مۆسیقاش لە بۆ ئەو یادە ئاینییەکاندا لە کلێسادا بەکار دەهات .

**ڕەگەزە لەبارەکان**

بۆزیاتر پێشخستنی ڕەوشی هەمەلایەنەی کلدانەکان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

- پێویستە لەڕووی مرۆییەوە زیاتر قوڵ بینەوە بۆ ئەوەی بووژانەوەمان لەگەڵ سروشتی لێبوردەیی بگونجێت .
- نابێ کار بۆ ئەوە بکەین کە بنەمای نەتەوایەتییە تازەپێگەیشتووەکەمان لەسەر ئایدیۆلۆژییەتێکی کۆنەپەرستی سەلەفی دەست پێبکات .
- دەبێ زیاتر بایەخ و گرنگی بەتایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان بدەین .

**رەوشی سیاسیی کلدان**

ئەو تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی بەسەرباری نەتەوایەتیمان هات و روویدا بەشێوەیەکی نالەبار بەسەر رەوشی سیاسیماندا شکایەوە . ئەمەش هەتا ئەوکاتەی خایاند کە لە بەراییدا ئاماژەم بۆ کرد . بەم جۆرە ئێمەی کلدان دەتوانم بەشانازییەوە بڵێم بەشێکی کەم پێکدەهێنین لەوانەی کەپابەندن بەلایەنی نیشتمانی و ئینتیمای راستەقینەیان بۆ ئەو قەوارە سیاسییەی کە ئێستا لە کوردستانی ئازادو دیموکراسیدا هەیە بەتایبەتی و هەروەك هەمیشە بۆ عێراقیان هەبووە بە گشتی و بەم شێوەیە بە هەموو شێوەیەك هەڵس وکەوت کردن لەگەڵج دەرەوە دارەتمان کردۆتەوەو دەکەینەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەرکمان بەوەکرد کە هۆشیاری وسیاسی و مرۆیی لەلایەن ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەیە کە ئێستا ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەرێوە دەبات و ئێمەش رەوشی سەرکەوتوویی سیاسی خۆمان لەسەرکەوتنی ئەم ئەزموونە دەدۆزینەوەو لەو بڕوایەدام پاشەڕۆژێکی رووناك چاوەڕوانمان دەکات .

**مێژووی کلدان**

ئێمەی کلدان یەکێکین لەو نەتەوانەی کەبەر زۆڵمو زۆری ڕەوشی سیاسی عێراق کەوتووین ، لە کاتێکدا ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی کلدانەکان بدەینەوە دەبینین ئێمە جیهانمان پڕکردبوو لە شارستانی و کەلتووری ڕەسەن و مەدەنییەت ، بەڵام لەسایەی ڕەوشتی ئاڵۆزی عێراقدا ئێمە هەموو شتێکمان لەدەستداو هیچ شتێکمان نەما کەچیتر شانازی پێوە بکەین تەنها ئەوندە نەبێت کە بومێژوەکەماندا هەڵدەین و باسی کەسایەتییەکانی وەك نەبوخوزنەسر بکەین .

دەتوانم بڵێم هەرچی بەسەر کلدانییەکان هاتبێ فاکتەری ئایینی لە پشتەوە بووە نەك جوگرافی ، دیارەچەمکی ئایینی بەپێی پەرەسەندن و پێگەیشتنی بیروباوەڕی ڕوحی دەگۆڕێت ، بەڵام جوگرافیا هەر دەمێنێتەوە .

مێژووی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی سێ چەشنی جیاواز لە سروشتەکەیدا بەدیار دەکەوێت کە بریتین لە : -

1- ئەفسانە .
2- فەلسەفەو ئایینەکان .
3- شێوەی ناسینی زانستی .

پێکهاتەی کلدان لە چەشنی یەکەمدایە . لەسەردەمێکدا ئەفسانە بووبووە شێوازێکی گشتی بۆ ژیان خەڵکێکی زۆر خۆی تەرخان کردبوو بۆ ناسینی ئەفسانە و بڕوایەکی تەواوی پێهێنابوو بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی تاك و کۆمەڵ دەبووەوە ، لە بارودۆخێکی وەهادا کلدان ناوی پەیدا کرد کە بەمانای ( سیحرباز یان جادوگەر یان ئەستێرە ناس ) .

لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە " في السنة الثانية من حكم نبوخذنصر حلم ، حلماً ازعجته نفسه فدعى اليه الكلدانيين لكي يفسروا له هذا الحلم " . ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەتەفسیرکردنی بەخت و خەوو ئەستێرەناسی و سیحر بریتی نەبووە لە تەنها خەوشێك بەڵکو کاروپیشەی چین و توێژێکی بەناوبانگ و دیاری ناو کۆمەڵگای ئەوکاتە بووە جا ئەگەر ئەوە مێژووی کلدان بێت ئەوا دەزانین کە کلدانەکان چ پلەو پایەیەکی بەرزیان هەبووە ، باکووری میزۆپۆتامیاو کوردستانی ئێستا نیشتمانی هاوبەشی نێوان نەتەوەی کوردو ئارامیەکان و سریانیەکان بووە کە نزیکەی چوار هەزار ساڵە نیشتمانێکی هاوبەش و دیارو بەپیتیان لەدەست داوە کە سەرچاوەکەیان ( تەلەولووبین ) و ئێستا براکوردەکانیان لێ ماوەتەوە .

بەروار : 25 / 6 / 2002